# نامیق عەلی قادر:

# زۆر کەس هەن دەتوانن وێنەبکێشن، بەڵام ناتوانن هونەرمەندبن!



نامیق عەلی قادر لە دواهەمین پێشانگەی تایبەتیدا کە لە مانگی ئازار ئەمساڵ لە گەلەری سەردەم کردیەوە، باس لەوە دەکات کە ئەو بەردەوام لە کاری هونەرییدا خۆی لە دووبارە کردنەوە دەپارێزێ. ئەو یەکێکە لەو شێوەکارانەی بەردەوام لە کارو چالاکیدا و پێشانگەی هونەریی زۆر دەکاتەوە، لەبارەی ئەم حاڵەتەوە نامیق لەم دیدارەدا دەڵێت (من زۆر پێشانگە دەکەمەوە، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە زیاتر ماند،و دەبمو زیاتر ورد دەبمەوەو هەنگاوی زیاتر دەنێم، چونکە بەردەوام خۆم دەپارێزم لە دووبارەکردنەوەو خۆجوینەوەو خۆنمایشکردنەوە) پەیوەندیی نێوان هونەرمەندیی شێوەکار و ڕەنگ پەیوەندییەکی ئۆرگانییە و ئاستی هۆشیاری ئەو هونەرمەندە بۆ هونەرکەی دەردەخات. ئەم هونەرمەندە بەوە ناسراوە کە لە تابلۆکانیدا ڕەنگی ڕەش پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، لەبارەی فەلسەفەی ئەم ڕەنگەوە دەڵێت (رەش تەنها ئەو رەهەندەی نییە کە رەنگێک بێت گوزارشت بێت لە ناخۆشیو کەئابە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بەو تێڕوانینەی منەوە بۆ رەهەندەکانی رەش، رەش لە تابلۆکانمدا مانای ئەوە نییە من هونەرمەندێکی دوورەپەرێزی رەشبینم، بەڵکو رەش واتای قوڵترو مەعریفی تری هەیە..).

ئەم دیدارەدا کە بە بێ هیچ خۆئامادەکردنێکی پێشوەخت لە ناو گەلەریی سەردەم لە دواهەمین پێشانگەی پەیکەرە ئاسنینەکانیدا سازکراوە، تاڕادەیەک دیالۆگێکی کراوەیە لەسەر شێوازو تایبەتمەندییەکانی ئەم هونەرمەندە لە کاری هونەرییدا....

دیداری: کامەران سوبحان

***لەدواهەمین پێشانگەی خۆت کە لە مانگی ئازاری ئەمساڵ لە گەلەری سەردەم کردتەوە، لە سەیرکردنی کارە هونەرییەکانتا بینەر هەست بەجۆرێک لە موغامەرەو سەرکێشی دەکات، بەوەی پێشتر ئێمە وا راهاتووین کارەکانی تۆ لە چوارچێوەیەکدا ببینین، کە ئەویش فۆرمو پانتاییەکی دیاریکراوە، کە ماوەیەکی زۆرە بەو شێوەیە کار دەکەیت، بەدەر لە کارە زەیتییەکانت، ئەوانی ترت گرافیکییەکان، رەنگێکی رەش زاڵە بەسەریداو تەکنیکێکی تایبەتی هەیە لە وێنەکێشاندا، بەڵام ئەم پێشانگەیەت ئەو تێڕوانینەی بەتاڵکردەوەو تۆ لە هەوڵی بەخشینی ماناداا بوویت بە کەرەستەی ئاسنین، لە چوارچێوەی کاری پەیکەرسازیدا؟**

-من وایدەبینم ئەو تێڕوانینەی تۆ باسی دەکەیت بەشێکە لە ئیشکردنە تایبەتییەکانی خۆم، هونەرمەند بە بڕوای من ئازادە لەوەی کە گەیشتە قۆناغێکی دیاریکراو لە کاری هونەری بە چ ریتمێک و چۆنو بەچ شێوازێک کاربکات، ئایا کاری سیرامیک دەکات یان کاری پەیکەرسازی، بەڵام بە نیسبەت منو ئەم شێوازە ئیشکردنەم، ئەوە بەشێک بووە لە بەرنامەی کارکردنی هونەریم کە بەو شێوازو تایبەتمەندیە ئیشبکەم، من لە دەلیلی یەکێک لە پێشانگەکانم باسی ئەو بیرۆکەیەم کردووە کە ئێستا ئێوە دەبینن، باسی ئەوەم کردووە ئەم بیرۆکەیە لە منداڵییەوە لەگەڵمدایەو لە فرسەتێک گەڕاوم کە ئیشی تێدا بکەم، با من و تۆ لەم دیدارە هونەرییەدا ئەو پرسیارە بکەین یانی چی لە منداڵییەوە لەگەڵمدایەو ئیشی بۆ دەکەم؟ من لە وێنەکانی منداڵیم ئەو وێنانەی کە تا ئێستاش بە شێکی زۆری لە یادەوەریمدا ماوە کۆمەڵێک ئامێر هەبوو دەمبینی کە بە فۆڕمێکی جیاواز دەهاتە بەرچاومو بیرم لێدەکردەوە، بێ لەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە رۆژێک لە رۆژان لەسەر ئەو ئامێرانە کاری هونەری بکەم، ئەمە بێگومان کاریگەریی هەبووە لەسەرم، ناشمەوێت باس لە کاریگەریی منداڵی بکەم لەسەر هونەرمەند، بە تایبەتیش وێنەکانی منداڵی زۆر قوڵو کاریگەرن، کۆمەڵێک لەو کەرەستانەش کە لەم پێشانگەیەدا دەبینرێت وەک پەیکەری هونەری، پێشتر ئامێری کشتوکاڵی بوونو لە دەشت بینومن، ئەو فۆرمانە فۆڕمێکی غەریب بوون لە بینینو یادەوەریمدا تا ئێستاش بەو شێوەیە ماونەتەوە کە ئێستا بوونەتە کاری هونەری لای من، لەهەمانکاتیشدا ئەو کەرەستانە کە دەمبینین تێکەڵاوییەکیان دروستدەکرد لەگەڵ ئەو قسانەی کە گوێم لێدەبوو وەک شتی خەیاڵو خەونو ئەفسانەیی لە گوێمدا دەزرنگایەوە، شانبەشانی ئەمانەش هەندێ لەو کەرەستانەش لە ماڵەکاندا بەکاردەهاتن لە هەمان کاتدا فۆڕمێکی (نەحت)ی هەبوو یان با بڵێم من وام دەبینی ئەو کەرەستانەی وەک (مشار، پاچ، خاکەناز) لای من بەدەر لەو کەرەستەکان، فۆڕمێکی هونەریم تێدا دەبینین، ئەم وێنانە لەگەڵم هات و لە ناو یادەوەریم جێگیربوون تا گەورەبوومو لەگەڵم هاتنە ناو کاری هونەری، ئەم کەرەستانە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ناو کارە گرافیکییەکانمدا رەنگیدایەوە یان لەم دواییانەدا لە ئەزموونی هەندێ سندوقی شکاو بەکارم دەهێنا، هەموو ئەو ئیشکردنانە هەمان ئەو فۆڕمانەیە کە ئێستا لەم پەیکەرە ئاسنینانەدا بەکارم هێناونەتەوە. ئەو وێنانە هەمان ئەو کەرەستە سیمبولیانەن کە لە ناو ئەم کارانەدا دەردەکەونەوە.

***لە وەڵامەکەتدا بەو شێوەیە گوزارشت دەکەیت کە گوایە ئەم کەرەستانە لە ئەزموونەکانی پێشتریشتا لە کاری گرافیکیو زەیتییەکاندا هەبوون، بەڵام ئێمە بەو شێوەیە ئەو کەرەستانەمان لە کارەکانی تۆدا نەبینیوە؟**

-راستە، بەو شێوەیە نەبووە، بەڵام شفرەو ئاماژەی ئەو کەرەستانە لە ناو کارە گرافیکییەکانمدا دەبینرێت، لە زەیتییەکانیشدا ئەو هێماو رەمزانە



دەبینرێت، من پێشانگەیەکم کردووەتەوە بەناوی سیمبولەکانی بیرەوەری، لەو پێشانگەیەدا قوڵایی ئیشکردنم بوو لەسەر ئەو سیمبولانەی کە بەشێک لە یادەوەریمی لە منداڵیدا داگیرکردبوو، ئەو سیمبولانە هەمان ئەم سیمبولانەیە کە دواتر بەپێی ئەزموون وەک تۆ وتت موغامەرەکردن، پاشتر توانیم زیاتر ئەو بیرۆکەیەی خۆم بەرجەستە بکەمو کاری قوڵتری لەسەر بکەم، بەتایبەتیش بە مەبەستی خۆم رومکردە کاری پەیکەرسازیو ئەو بیرۆکەیەم لەم پەیکەرە ئاسنینانەدا بەرجەستە کرد.

***بەڵام لەم کارە ئاسنینانەدا لە هەندێ کاری پەیکەرەکاندا بینەر هەست بەوە دەکات هێندەی کاری پیشەییەو هێندەی تەکنەلۆژیا رۆڵی هەبوو لە خولقاندنی ئەو پەیکەرانەدا، هێندە هونەرمەند لە پشتی ئەو پەیکەرانەوە نین؟**

-راستە من کۆمەڵێک ئامێرو کەرەستە هەبوون گۆڕانکاریم تێداکردووە، بەشێکم لێلابردووەو بەشێکم لێ زیادکردووە، بۆ ئەو کارە نەبووە کە بینەر هێندە بە قورسی وەریبگرێتو هەست بەوە بکات ئیدی کاری هونەری ونە لەم پەیکەرانەداو هەمووی کاری پیشەوەرین، لە بیریشت نەچێت لەبەر ئەوەی ئیشەکان ئەوەندە بچوکن هونەرمەند دەتوانێت یان من توانیومە یاریی پێبکەمو گۆڕانی تێدا بکەمو بەرگێکی هونەرییان بکەم بە بەرەدا، من نەچووم ئەم کەرەستانە ببەمە کارگەیەکی گەورەو ئیشیان تێدا بکەم، تا تۆ یان بینەر هەست بەکاری پیشەیی بکەنو هەست بکەن هونەر لە کارەکەدا ئامادە نییە، من پێچەوانەی بۆچوونەکەی تۆم هەیەو پێم وا بێت ئەم کارە کارێکی هونەریی روونەو ئیشکردنێکی هونەرییانە لەو بوارەدا.

***بەڵام هەست ناکەیت چیرۆکی ئەو کەرەستانە جیاوازن کە تۆ ئیشت لەسەر کردوون، هەریەکە لەو کەرەستانە لە ژیانی رۆژانەدا وەزیفەیەکی جیاوازی هەبووە، تۆ چۆن توانیوتە بەو وەزیفە جیاوازانە یەک کاری هونەریی دروست بکەیت؟**

-بەدڵنیاییەوە وایە، ئەو کەرەستانە هەریەکەیان بابەتو کەرەستەیەکی جیاوازە، خۆ من دوای ئەو تەمەنە لە ئەزموونی هونەریی لە خۆمەوە نەهاتووم چەند کەرەستەو ئاسنێک بەیەکەوە بلکێنمو بڵێم کاری هونەریم کردووە. من لەسەرەتاشەوە پێم وتی ئەم کەرەستانە لە رابردووەوە هاتووەو لە ئێستاشدا



کارم لەسەر کردووە، بەڵام کارکردنێکی هونەرییانە. باسی ئەفسانە دەکەم، باسی جوانکارییو ئیستاتیکا دەکەم، باسی هەندێ لایەنی فیکری دەکەم، ئێ خۆ ئەمانە هەروا لە خۆڕاو بەعیشوائی نەهاتوون، من باسی پەیکەری ئازادی دەکەم، باسی پەیکەری کار دەکەم، باسی پەیکەری باڵندەیەکی ئاسنین دەکەم، ئەمانە هەریەکەیان بگرین بۆ خۆی بابەتەو پێشتریش بۆم باسکردیت بە عەفەوی نەهاتووەو هەموو کارەکان بەرهەمی بیرکردنەوەو ئەزموونن.

***ئەوەی ئێمە سەرنجمان داوە لە کارەکانی پێشووتردا رەنگی رەش پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، رەنگی رەش لای تۆو لە تابلۆکانتا بە تەنها یەک مانای نییە، بەڵکو رەنگی رەش لە تابلۆیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام لەم پێشانگەیەدا ئەوەندەی گەڕاویت بە دوای سیمبولو هێمادا ئەوەندە کارت لەسەر رەنگ نەکردووە، ئەم ئیشکردنەت گەڕانە بە دوای مانایەکی تری رەنگدا؟**

-تا رادەیەک ئەم بۆچوونە بۆچونێکی تەواوە بۆ کاری هونەری، پێش ئەمە با باسی ئەوە بکەین کە رەنگی رەش تەنها ئەو رەهەندەی نییە کە رەنگێک بێت گوزارشت بێت لە ناخۆشیو کەئابە، هونەرمەند ئازادە لەوەی چ رەگێک بەکاردەهێنێتو چۆن گوزارشتو یاری بە ڕەنگەکان دەکات، مانای رەنگ پەیوەستە بە کۆی رووداو و بینینەکانی ژیانەوە لای هونەرمەند، مردن کە زۆر جار لای هونەرمەندی کورد گوزارشتی

جۆراو جۆری لێکراوه، من دەڵێم مردنەکانی وڵاتی ئێمە مردنێکی ئاسایی نین، مردنی بەکۆمەڵو مردنی تراژیدیایانەو مردنی وەحشیگەرانە بوون بەدەستی دوژمنان، بۆیە هونەرمەند بۆ ئەو گوزارشتە ڕەنگێکی زۆر یارمەتیدەرە وەک لەوەی پەنا بۆ ڕەنگێکی تر بباتو ئەو گوزارشتەی پێبکات.ئەمە جگە لەوەی ئەو ڕەنگە لە کۆ نەستی بینەری ئێمەدا لە هەموو مانایەک زیاتر ئەو مانایەی هەیە کە باسمانکرد، سەبارەت بەم ئەزموونە پەیکەرسازییەی منیش من هێندەی ئەوەی گەڕاوم بە دوای ئەو وێنانەی کە خۆم مەبەستمە هێندەی بە دوای ڕەنگی ڕەش یان شین یان ڕەنگەکانی ترەوە نەبووم، ڕەنگە ڕەنگی ڕەش لەم پەیکەرانەدا هەبوایە ئەو مانایەی نەبێت کە پێشتر لە کاری هونەرمەندێکی تردا هەبووە، یان لای بینەر مانایەکی هەبێت کە لای زۆر کەس روون و ئاشکرایە، من لە دوای ئەو مانایانەوە بە دوای کاری هونەریی خۆمەوە کەوتووم تا ئەوەی لە یادەوەریمدایە بتوانم تاڕادەیەکی باوەڕهێنەر ئەو کارە هونەرییە بکەم و چێژی هونەری ببەخشم. ئیدی مانا و هێمای ڕەنگەکان ئەوە لە شوێنی تر و لە کاری تردا خۆی دەبینێتەوە، چونکە هەر ڕەنگەوە گوزارشت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە بینینی هونەرمەنددا، بە دڵنیاییەوە ئەو بینینانەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن.

***بەڵام هەست ناکەیت ئەو گوزارشتو بینینەی کە لای هونەرمەندی کورد هەیە بینینو گوزارشتێکی روکارییەوەو پێویستە گۆڕان لەو تێڕوانینەدا بکرێتو هونەرمەند بەچاوێکی قوڵترەوە ڕەنگەکانو دەوروبەر ببینێت؟**

–ڕەنگە بەو ڕادەیەش روکاری نەبێت، چونکە ئەوەش بزانە هەر وەک باسمکرد بەهاو وەزیفەی ڕەنگ لە هونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، ڕەنگە ڕەنگی ڕەش لای من وەزیفەیەکی هەبێتو لای هونەرمەندێکی تر وەزیفەیەکی تر دەبێت، ئەو حاڵەتەشمان بیرنەچێت هونەرمەند سەربەستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەنگدا، لە هەمان کاتیشدا من زۆر لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆدام کە دەڵێیت هونەرمەند پێویستە بەچاوێکی قوڵەوە لە ڕەنگەکان بڕوانێت، بە بڕوای من گەر هونەرمەند بە بینینێکی روکارییەوە لە ڕەنگی روانی، ناتوانێت تابلۆ و شاکاری هونەری بخوڵقێنێ گەر بگەڕێینەوە بۆ بۆچوونی خۆم وەک کەسێک کە زۆر مامەڵەم لەگەڵ ڕەنگی ڕەشدا کردووە، ئەوا ئیشکردنی من لەگەڵ ڕەنگی ڕەشدا هەروا لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو پەیوەندی هەبوو بەو تێڕوانینەی منەوە بۆ ڕەهەندەکانی ڕەش، ڕەش لە تابلۆکانمدا مانای ئەوە نییە من هونەرمەندێکی دوورە پەرێزی ڕەشبینم، بەڵکو ڕەش واتای قوڵترو مەعریفی تری هەیە، هەروەک چۆن ڕەنگەکانی تریش هەریەکەیان بە پێی شێوازو تایبەتمەندی خۆیان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە، یەکێک لەو بینینانەی کە من هەمە بۆ ڕەنگی ڕەش ئەوەیە کە لە مەودای سوتاندا، ئایا هەر شتێک بسوتێنیت نابێت بە خۆڵەمێش؟ ئایا ئەو خۆڵەمێشە ڕەش نییە؟ واتا من بەدوای ئەسڵو قوڵاییو مەوداو ڕەهەندەکانی ئەو ڕەنگەدا دەگەڕێم نەک رووکاری بینینی ڕەنگەکە کە هەموو بینەرێک دەیبینێت، دواجاریش من باسی مردن دەکەم، ڕەنگی ڕەشیش یەکێکە لەو ڕەنگانەی کە گوزارشتی پێدەکرێت لە مردن، یان لە قۆناغێکدا هەندێ کاری گرافیکی جۆراوجۆرم کردبێت ئەو ڕەنگە لە خزمەتی ئەو کارەدا بووبێت.

***کەواتە تۆ پێت وایە گۆشەنیگای هونەرمەند ڕۆڵ دەبینێت لە دانانو بەرجەستەکردنی ڕەنگەکاندا؟**

–بەدڵنیاییەوە، من باسی ئەوەم بۆکردی ئەو ڕەنگە ڕەشەی کە من بەکاری دەهێنم هەر ئەو ڕەنگەیە کە چەندین هونەرمەندی تر بەکاری دەهێنێت، بەڵام دواتر لە تابلۆکاندا هەریەکەیان ماناو دەلالەتێکی تایبەتیش هەیە، ئەو هێڵە ڕەشەیان ئەو فیگەرە ڕەشەی لە تابلۆیەکی مندا هەیە ڕەنگە هەمان هێڵو هەمان فیگەر لەلای هونەرمەندێکی تر جیاوازتر بێت، ئەو جیاوازییەش پەیوەستە بە تێڕوانینو گۆشەنیگای هونەرمەندەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پانتاییو فۆڕمی تابلۆو کاری هونەرییدا، بە تەنها شێوازی کارکردنو وێنەکێشان بۆ هونەرمەند گرنگ نییە، چونکە ڕەنگە زۆر کەس هەن دەتوانن وێنەبکێشن، بەڵام ناتوانن هونەرمەندبن، بەڵکو باکگراوندی ڕۆشنبیریو هەستی بینینو ئیدراک بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە، ئەوەی هونەرمەند لە ناهونەرمەند جیا دەکاتەوە، ئەو باکگراوندەیە کە ناسنامە دەدات بە هونەرمەند و دەیکاتە خاوەن تایبەتمەندیو کارەکانی بایەخ پەیدا دەکەن.



***بەڵام ئەم جارە لەم پێشانگە تایبەتەدا ئەو حاڵەتەمان بەدی نەکردو هەستمان کرد کارەکان جۆرێک جیاوازییان هەیەو کەمتر گەڕابوویتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ، ئەوەندەی ویستوتە کار لەسەر فۆرمو شێوازی دانانی ئەو کەرەستانە بکەیت هێندە بەدوای ڕەمزو هێمای تەکنیکی نەگەڕاویت، ئەمە جگە لەوەی مانای بەرهەمهێنەری هەریەک لەو کارە پەیکەرییانە ڕەنگە پێویستی بە قەبارەی زیاتر هەبێت بۆ ئەوەی ئەو مانایە زیاتر بگاتە بینەر، بە تایبەتیش لە رووی قەبارەی دانانەوە کە ڕەنگە چەند کارێکیان پێویستیان بە گەورەکردن هەبێت و پێویستیان بە رووبەری زۆر زیاتر هەبێت تا وەک پەیکەرێکی سەرنج راکێش دەرکەون؟**

-ئەم قسەیەی تۆ دەیڵێیت زۆر تەواوە، من بۆ خۆشم لە کاتی ئیشکردندا ئەو بیرکردنەوەیەم هەبوو، دواتریش لە کاتی نمایشکردنیش لە گەلەرییەکە زیاتر ئەو بۆچوونەم بۆ دەرکەوت کە هەندێ لەو پەیکەرە ئاسنینانە پێویستیان بەوەیە بە کارێکی سەربەخۆ وەک پەیکەرێک لە شوێنی گشتی دابنرێنو حساباتی تەواوەتی بۆ بکرێت، واتە هەندێ لەو کارانە جێگەی ئەوەن جارێکی تر ئیشی تێدا بکرێتەوە، بەڵام بە قەبارەو شێوازی گەورەتر بۆ ئەوەی بە سەربەخۆیی لە شوێنی تایبەتیشدا دابنرێت نەک لە پێشانگەیەکدا نمایشبکرێت، دیارە ئەوەش کاری هونەرییە دەکرێت چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێتو لە چەندین لاوە ببینرێتو قسەی لەسەر بکرێت.

سەبارەت بەوەش کە دەڵێیت بە دوای ڕەمز و هێما و تەکنیکدا نەگەڕام لەم ئیشانە، من پێشتریش پێم وتی کە ئەم کارانە پڕن لە ڕەمزو هێما و وێنەی یادەوەریی منداڵی، ئەگەر ئەو وێنانەی منداڵی نەبایە من چۆن دەمتوانی ئەو کەرەستە جۆراوجۆرانە کۆبکەمەوەوە، پاش چەندین ساڵ کاری هونەرییان لەسەر بکەم، دواتریش ئەو کارانەی کردوومن ئێستا دوای بە پەیکەر بوونیان هەریەکەیان مانا و دەلالەتێکی جیاوازی هەیە، بەدەر لە ڕەهەندە ئیستاتیکی و جوانکارییەکەی کە وەک ڕەگەزێکی دیاری کاری هونەری دەردەکەوێت و من زۆر حسابی وردی بۆ دەکەم.

***بەڵام لە دوای ئەو ماوەیە لە کارکردنی هونەرییت پێت وایە کەس هەبووبێت ئەو خوێندنەوەیەی بۆ کارەکانت بکات؟ ئایا تا ئێستا بەقەد پێویستو بەو شێوازەی کە کاری هونەریت دەکەیت هیچ ڕەخنەگرێک هەبووە خوێندنەوەیەکی قوڵیان بۆ بەرهەمەکانت بکات، مەبەستم ئەوەیە خوێندنەوەیەک بێت لەسەر ئەساسی جیاوازیی دید و بۆچوون ؟**

-بەڵێ پێم وایە ئەو خوێندنەوەیەی بۆ کراوە، ئەوە نییە تۆ بۆت کرد، کەسانی تریش هەبوون بۆچوونی لەم شێوەو شێوازی تریشیان هەبووە، لە بارەی بەشەکەی تری پرسیارەکەت کە لە بارەی ڕەخنەو خوێندنەوەی کارو بەرهەمەکانم، من پێم وایە ئەوە بابەتێکی زۆر دوورودرێژەو قسەوباس زۆر هەڵدەگرێت گەر ئەو پرسیارە لە شاعیرێک بکەیت یان لە نووسەرێک یان لە هەر هونەرمەندێکی تر بۆچوونی جۆراوجۆرت دەستدەکەوێت، چونکە هەموو ئەو لایەنانەی کە باست کردن ڕەخنە تێیاندا لەسەر ئەساسی جۆرێک لە موجامەلەو پیاهەڵدانە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ڕەخنەو خوێندنەوەی هونەری لە دنیای شێوەکاریدا لە وڵاتی ئێمەدا لە ئاستێکی خراپدایە، بمبورە گەر بڵێم خراپ، چونکە

ئەوە ڕاستییەکەو زۆر کەسی تریش ئەو قسەیەی کردووە، ئەوە من نیم بە تەنها ئەو ڕستەیە بڵێم، لە دونیای ڕەخنەی هونەریی ئێمەدا ئەم لایەنە بووەتە قوربانی موجامەلەو یەکترناسین، هەرگیز مامەڵە لەسەر ئاستی بەرهەمو شاکار ناکرێت، هێندەی ئەوەی لە سەر ئاستی کەسایەتیو ناسیاویو خۆشەویستیو ڕقلێبوون دەکرێت، مادام من تۆم خۆش ناوێت ئەوە تابلۆکانیشت کاری خراپن، مادام من تۆم خۆش دەوێت ئەوە تابلۆکانت بەرهەمی باشنو لە سەرت دەنووسم بە باشی! جا من لە تۆ دەپرسم ئەمە حاڵی نێوەندی هونەرییو ڕەخنەییەکەی بێت ئیدی دەبێت چ ئومێدێکمان بەو بارودۆخە هەبێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ هەندێ هەوڵی جوان دەبینرێت، بەڵام وەک پێویست نییە و پێویستە ئەو لایەنەش هێندەی لایەنە پراکتیکییەکە برەوی پێبدرێت.

***لە بارەی ئەم بارودۆخەو ئەو تێڕوانینە هونەرییەوە بۆ ڕەخنەو کاری هونەری، ئایا گەلەرییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ ئایا گەلەرییەکان توانیویانە ببنە بنکەیەکی هۆشیاریو هونەری کە هاووڵاتیو بینەری ئێمە چێژی هونەریی لێوەرگرنو سوودمەندبن لە ڕووی ئیستاتیکییەوە؟**

-من تێڕوانینم بۆ گەلەرییەکان لەسەر ئەساسی دوو ئاستی تایبەتییە، یەکەمیان گەلەری وەک تۆ وتت بنکەیەکی هونەرییو شوێنی پێشانگەو نمایشکردن تابلۆو پەیکەرو بەرهەمی سیرامیکی، ئەمە کارێکی زۆر باشەو تا گەلەری زۆرتر بێت ڕەوتی هونەری بەرەوپێش دەڕوات، بەڵام گەر لەگەلەری وەک بیناو فۆڕمی دامەزراندنی لە وڵاتی ئێمەدا ئەوە من دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەوەت پێبڵێم هیچ گەلەرییەک نییە بە تایبەتمەندی گەلەرییە جیهانییەکان دروستکرابێت و ئەو تایبەتمەندییەی هەبێت کە پێویستە لە گەلەرییەکدا هەبێت، واتە ئەو گەلەرییانەی کە ئێمە هەمانە یان (گەراج) یان (ژێرزەمین) یان (هۆڵێکی گەورەیە) و کراوە بە گەلەریو نمایشی کاری هونەرییان تێدا دەکرێت، بەڵام کوالێتیی کاری گەلەری لە دونیادا زۆر جیاوازەو پێویستە لەمەودوا بیر لەوە بکرێتەوە بە ستانداردی جیهانی گەلەری دروست بکرێت، نەک بەو شێوازانەی کە باسمان کرد، بێگومان ئەو گۆڕانکاریانەش پێویستی بە هۆشیارییەکی هونەریی بەرفراوان دەبێت لەسەر ئەساسی پرۆگرامو تێڕوانینو ئیشی ئەو گەلەرییانە لە نێوەندە هونەرییەکەدا، جارێک ڕەنگە ئێمە زۆرمان مابێت تا گەلەرییەکانمان بگەنە ئەو ئاستەی کە پێویستە هەبێت.

***تا چەند بەم دۆخ و پێگەوە کە تۆ باست کرد گەلەرییەکان دەتوانن سنووری ناوبانگو بینەری هونەرمەندی کورد لە چوارچێوەی ئەم هەرێمەوە بگوازنەوە بۆ سنوورێکی بەرفراوانی جیهانی، بە تایبەتی ئێستا گەلەرییە جیهانییەکان**



**بەهۆی سایتەکانیانەوە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت رۆژبەڕۆژ بینەریان لەزیادبووندایە، ئایا پێگەی هونەرمەندی کورد لەم نێوەندەدا لە کوێی ئەو ناوبانگو بینەرە بەرفراوانەدایە؟**

–ئەوەی دەیڵێیت زۆر راستە، منیش باوەڕم بەوە هەیە، دەبێت هونەرمەند بینەرەکانی بچنە ئاستێکی گەورەو بەرفراوانەوە، ئەوە شتێکی تەواوە، بەڵام من بۆ خۆم وەک شێوەکارێک هێندەی ئەوەندەی کار بۆ ئەوە دەکەم بینەرەکانم لە وڵاتی خۆمدا زیاد بێت، هێندە لە هەوڵی ئەوەدا نیم لە دەرەوەی وڵات پێشانگە بکەمەوە، چونکە گەر تۆزێک راستگۆبین لە بەینی خۆماندا ئەوا ئاستی هونەریی ئێمەو هونەرمەندی ئێرە لەگەڵ هونەرو هونەرمەندی ئەورووپا بەراورد ناکرێت، ئەوان خاوەن هونەری کلاسیکو رێنیسانسو چەندین قۆناغی گرنگی هونەرین، بەڵام ئاستی هونەرەکەی ئێمە زۆر لە خوار ئەوانەوەیە، بۆیە هێندە من هەوڵ ئەدەم لە ناوەوە کاربکەمو پێشانگە بکەمەوە، هێندە عەودالّی پێشانگە نیم لە دەرەوەی وڵات، پێم وایە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەش کە پێشانگە لە دەرەوە دەکەنەوە لە گەلەریی بەناوبانگ پێشانگە ناکەنەوە، ئەوەی بینەریشیانە زۆربەی کوردەکانی ئەو وڵاتانەن، کەواتە کارکردن لە ناوەوە باشترە تا لە دەرەوەو بەو حاڵەی بینەری پێشانگەکە کە باسمکرد، رەنگە هەندێ هونەرمەند هەبن پێچەوانەی من بیربکەنەوە، دیار ئەوەش بۆچوونی خۆیانەو سەربەستن، لە هونەریشدا هەمیشە جیاوازیی بۆچوونەکان رێزی لێگیراوەو هەموو کەس لە تێڕوانینی خۆیەوە لە شتەکانی دەوروبەری دەڕوانێت.

***راستە تۆ بۆچوونت وایە کە دەبێت هونەرمەند سەرەتا لە وڵاتەکەی خۆیدا کار بکاتو بەدوای بینەردا بگەڕێت، بەڵام تۆ وەک هونەرمەندێک ئەم ئەزموونەت تاڕادەیەک کارت لەسەر کردووە، ئەوەندەی من سەرنجم داوە ئەم چەند ساڵەی رابردوو کۆمەڵێک زۆر پێشانگەت کردووەتەوەو زیاتر دەردەکەویت، ئایا زۆر ئیشکردنو زۆر کارکردنو پێشانگە کردنەوە هونەرمەند دانابڕێت لە قولایی کارکردنو نایگەیەنێتە ئاستێکی رووکارییوا کە چەمکو هێما هونەرییەکان بە سادەیی ببینێتو ئیشیان لەسەر بکات؟**

–من کە زۆر ئیشم کردووەو زۆر پێشانگەم کردووەتەوە بەڵگەی ئەوەیە چالاک بووم بەردەوام لە کاری هونەری دانەبڕوام، ئەوەش یەکێکە لە بەڵگەکانی جدییەتی هونەرمەند لە کاری هونەرییدا، هەندێک هونەرمەند هەیە هەر کار ناکەن، دیارە من زۆر پێشانگەم کردووەتەوە بەڵگەی ئەوەیە کە زیاتر ماندو، دەبمو زیاتر ورد دەبمەوەو هەنگاوی زیاتر دەنێم، ئەوەش بڵێم من بەردەوام خۆم دەپارێزم لە دووبارەکردنەوەو خۆجوینەوەو خۆنمایشکردنەوە، دەبینیت بە جیاواز کار دەکەم، کاری وێنەکێشان دەکەم، بە زەیت کار دەکەم، گرافیک دەکەم، پەیکەرسازی دەکەم، ئەمانە بۆ ئەو حاڵەتانەیە کە تۆ باستکردن بۆ ئەوەی لە یەک شێوازو لە یەک سنووردا نەوەستمو خۆم چەند بارە بکەمەوە، هیوادارم ئەم حاڵەتانەی کە باسمکرد تەنها لە دەمی خۆمەوە نەبێت بینەرو رەخنەگرانیش هەست بەو حاڵەتانە بکەنو هەر قۆناغو پێشانگەیەک بۆ یەکێکی تر ئەو تێپەڕاندنو جیاوازیانە ببینن بۆ ئەوەی هونەرمەند پێگەو شوێنی خۆی بزانێت، بۆ ئەوەی بزانێت لە کوێی ئیشکردندایەو تا چەند رۆیشتووەو چەندی ماوە پێی بگات لە کاری هونەرییدا، بەبێ دیاریکردنی ئەم پۆلێنبەندییە پێم وابێت هونەرمەند لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەسوڕێتەوەو لەو سوڕانەوەیەشدا هیچ ناکات هێندەی ئەوەی کە خۆی دووبارەو چەندبارە دەکاتەوە.

## پۆرترێتی نامیق عەلی قادر:

*ساڵی ١٩٥٤ لە هەولێر لەدایکبووە.
*دەرچووی کۆلێژی یاسایە.
*ئەندامە لە کۆمەڵێک رێکخراوی هونەری.
*گەلەریی (رۆژ)ی لە هەولێر دروستکردووە.
*ساڵی ١٩٩٦ بووەتە راوێژکاری هونەریی لە وەزارەتی رۆشنبیری.
* زیاتر لە ١٥ پێشانگەی هونەری لە کوردستان و دەرەوەی وڵات کردووەتەوە.